## تەنز: پانۆراما 2 ... ستیڤان شەمزینانی

### زەوی



- برادەرێکم بە 21 خاڵ کە سیانیان برای دایکی بوون و هەژدەیان خاڵی لاشەی بوون زەویەکی لە جەرگەی شاردا وەرگرت.
- کچێکی دراوسێی ماڵی داپیرەم بەزەردەخەنەو پێکەنین بەدەم بەرێوەبەرەکەیەوە زەویەکی دووسەدو پەنجا مەتری پێدرا.
- کۆنە موستەشارێك بەماستاو و مامەحەمەیی سی پارچە زەوی بۆ خۆیو دووبرا کۆنە تەوارییەکەی وەرگرت.
- خوێندکارێکی زانکۆ بەتەزکییەی ئەندامێکی پەرلەمان و قائیمقامێك زەویەکی مسۆگەر کرد.
- ژنی دووەمی بەرپرسێکی تەجمیدکراو بۆ جاری سێهەم وەجبەیەك زەوی بۆ خزم و کەسوکارەکەی وەرگرت.
- کچە چاوشینێکی بەرەگەز عەرەب ماوەی دووساڵە لە کوردستانە و لەبەر خزمەتە زۆرەکانی پارچە زەوییەکی نیشتەجی بوونی پی بەخشرا.
- فەرمانبەرێکی دەست رۆیشتوو لەیادی یەکەم ساڵەی تەعین بوونیدا زەویەکی وەرگرت و لە فەرمانگەکەی کیلۆیەك برمەو پاقلاوەی بەخشییەوە.
- گۆرانیبێژێکی دەنگ ناخۆش خوا پێمنەگری دەڵێن میتە بە ئەمری ماسی شەش حەوت دۆنم زەوی خەلاتکراوە.
- خزمێکی هەندەرانی هەزار مەتری زەوی بۆ کتێبخانە وەرگرتووە بەلام بەینی خۆمان بی دەڵێن بەنیازە بیکات و بەشوققە و دوکان.

### پەندی پێشینان

- دار هەڵبرە گەندەڵی چاو بز دیارە.
- نە بەگەرمای زستان باوەربکە نە بە بەڵێنی حکومەتی هەرێم.
- دەستی ماندوو بێگومان لەسەر سکی برسی.
- گۆشتی رانی خۆت بخۆ لە منەتی کۆفی عەنان باشترە.
- نان بۆ نانەوا و حکومەت هەر بۆ شیعە.
- ماڵی خۆت توند بگرەو ملی جەواد مالیکی مەگرە.
- سەد ساڵ بیکەیت بێگانە پەرستی دوایی پاڵەوانی میللەتی.
- دۆستی وەك ساڵح موتڵەگ- مان هەبی پێویستمان بەدوژمن نییە.
- گەر زمان بوەستی مێشکی پەرلەمان رەحەتە.
- رێویی دەمی نەدەگەیشتە وەزارەت دەیوت گەندەڵی هەیە.

### یاساکانی حامورابی

- خاوەن شکۆ دەبێت پانزە کۆشك و پانزە هەزار مۆنیکا و پانزە دەستە پاسەوان و پانزە باخچە و پانزە پاپۆرو پانزە باڵەخانەو پانزە کوری هەبێت.

- هەركەس دزی لە سامانی نەتەوەیی كرد بەمەرجێك لە ملیۆنێك دۆلار كەمتر نەبی ئەگەر خۆی لە حەمامی حیزبدا تەعمیدكرد لەتاوانەكەی دەبەخشرێت و پۆستی بەرزتری پێدەدری.
- ئەو كەسەی بزمارێك یان هێلكەیەك بدزێت سەری دەتاشین و بەسواری كەرێك بەنێو شاردا دەیگێڕین و دوایی فەلاقەی دەكەین.
- نابێت لە فەرمانگە و وەزارەتەكاندا كاربۆ هەژاران ڕاپەڕێنرێت چونكە عەشتاری خواوەند ڕقێكی بێوێنەی لە هەژارو بی پارەو پولانە.
- پادشا بۆی هەیە هێندەی رۆیشتن و غاردانی ئەسپێك لەماوەی رۆژێكدا، زەوی و باخ و ڕەزی هەبێت لەوەزیاتر حەرامە لەسەر هەموو پادشایەك.
- لەمەودوا هاوكاریی و دۆستایەتی نێوان خەڵك و هاموشۆی خزمان و یارمەتیدانی بێدەرامەتەكان و خۆشەویستی نێوان ژن و پیاو بەهەموو شێوەیەك قەدەغەیە.
- ئاسمان نەفرەت لەو كرێچییە دەكات كە هەموو سەرەمانگێك كری بۆ خاوەن خاونووەكەی زیاد ناكات.
- لەمرۆوە بەهیچ جۆرێك كۆنەجاش و ئەنفالچی و فایلدار بەخیانەتكار لەقەڵەم نادرێن بەڵكو پێویستە ساڵانە میدالیای شەرەف لەسەر سنگیان بدری.
گۆرانی هاوچەرخ
- پێمەڵێن فەرمووتە شێتم ئەی بەقوربان ئەو دەمە
پیاوی عاقڵ دنیا بدزێت هێشتا هەر پێی كەمە
- لەرزان لەرزان لەرزانە، شایی و هەڵپەڕكێی كوردانە
بەچاویلكەی یەكێتی هەڵەبجە وەك چیچانستانە
- دانە دانە، خاڵ دانە دانە
كورستان بۆتە حاویە و زبڵخانە
- كیژەكەی كافرۆش شانزە ساڵییە
برای وەزیر ئەو سامانەت لەكوی هانییە؟
- ئۆف خەنەبەندان خەنەبەندانییەتی
بەخوا حكومەتی كوردیی دەردە سەرەتا نییەتی.
- ئای بەلەنجە گیان دوو گوڵت ها پێوە
تاماوی بۆ گەڕانەوەی كەركوك قوڕ بپێوە
**پاڕانەوە**
- خوایە لەبەرگەورەیی ناوە جوانەكانت ئازادی كوڕم بكە بەوەزیر تا ببێنە ملیۆنێر.
- خوایە نازەنین- ی هاوسەرم تادێتەوە بۆ ماڵ موچەكەی لی ون نەبێت.
- خوایە بۆ خاتری میهرەبانی خۆت بەنزینخانەكە چۆڵ بێت.
- پەروەردەگاری مەزن لێت دەپاڕێمەوە نەمخەیتە بەردەستی دكتۆری كورد.
- خوایە هەموو سەبای ساڵحانێك دەست بۆلای تۆ بەرز دەكەمەوە و هاواردەكەم:
گرانی كۆتایی بێت و بۆ یەكجار بی قەرز بگەمە سەری مانگ.
- ئاهورامەزدای پیرۆز بەخشندەیی خۆت برژێنە بەسەر خوشكەكەمدا بە ماستەری یاساوە لەهیچ شوێنێك تەعینی ناكەن.
- ئەی خواوەندی گەورە یارمەتیم بدەو كارێك بكە هەرگیز ڕێم نەكەوێتە فەرمانگەكانی حكومەتی هەرێم.
- خودایە لەڕاستی و پاكیی تۆ گومانمان نییە و دەزانین دەتەوی مرۆڤ ڕاستگۆبی بەڵام داوات لێدەكەم ڕاستگۆیم لێبسەنەوە چونكە نایەڵی بژیم.